# کۆزانیاری، جۆر و بوارەکانی

**شاخەوان جەلال حاجی فەرەج[1] ، نیگار ستار جەعفەر[1,2]**

[1] بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.
[2] بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی سلێمانی.

**پوختە:** ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات (کۆزانیاری"Knowledge")، لە ڕوانگەی پەیپێبردنی پڕاگماتیکەوە، لەچێوەی (زانستی زمانی درکپێکردن "Cognitive Linguistics") دا، کە بنەمایە بۆ دروستبوونی (کۆزانیاری) بخاتەڕوو، بەوپێیەی (کۆزانیاری) لە جەوهەردا لە دنیابینی مرۆڤ و واتای بەکارهێنان (پڕاگماتیک)، کە مرۆڤ لە ڕێگەی ئەزموونکردنەوە شارەزایان دەبێت و بە ڕێگەی (بەچەمککردن) لە ئاوەزدا دادەکرێن پێکدێت ، لێرەشەوە مەرج نییە هەمیشە (کرۆک، ڕستە ناوەڕۆک "Proposition") یک، وەک یەکەیەکی هەڵگری زانیاری ڕاستبێت، بەڵام کرۆکەکە بە تەنها نییە، بەڵکو چەندین زانیاری و لایەنی تر لەخۆ دەگرێت،کە دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی نیانییەک لە پرۆسەکانی درکپێکردندا،کە بریتین لە (سەرنجدان، تێگەیشتن، فێربوون،بڕیاردان.....) و هۆکارە بۆ گەیشتن بە ڕاستەقینە، ئەمەش ئەوە ڕووندەکاتەوە ،کۆزانیاری لە ڕێگەی هاوبەشپێکردن و کاری ڕێکخراوەیی و کۆمەڵدا پەرەدەسەنێت ،تەنها پشت بە مەرجی ڕاستی و پاساوەکەی نابەستێت، بەڵکو فێربوونی کرداریی و جێبەجێکردنی کارەکی پاساو، بەهۆی ئەزموونکردنەوە پێواژۆکانی درکپێکردن، بۆ گەشەکردن و بەرهەمهێنانی زیاتر ئاڕاستە دەکەن، لەمڕوانگەیەشەوە (زانستی زمانی درکپێکردن) گرنگی بە هەردوو لایەنی ئاوەزیی و ئەزموونکردن، کە بەهۆی پێنج هەستەکەوە بە دەستدێت دەدات، کە بنەمایە بۆ گەشەکردنی (درکپێکردنی کۆزانیاری) ئەمەش وادەکات بوارەکانی کۆزانیاری لە باری تایبەتیدا، بە شێوەیەکی داینامیکی، لە بوارێکەوە بۆ بوارێکی تر بگۆڕدرێت.

**کلیلە ووشەکان:** کۆزانیاری، درکپێکردن، ئەزموون، ڕستە ناوەڕۆک، داینامیکی کۆزانیاری.

## پێشەکی


ئەم توێژینەوەیە، بە ناونیشانی(کۆزانیاری،جۆر و بوارەکانی) ناسێنراوە، شیکارکردنێکی درکپێکراوانەی نوێیە بۆ (کۆزانیاری)، توێژینەوەکە دەچێتە بواری (زانستی زمانی درکپێکردن)ەوە،کە لە بنەمادا وەک بەشێک لەنامەی ماستەر وەرگیراوە، مەبەستی توێژینەوەکە جیاواز لە هەموو ئەوکار و لێکۆڵینەوانەی،لەم بوارەدا کراون خستنەڕوو و ڕاڤەکردنی(کۆزانیاری) یە ، بە ڕوانگە و مۆدێلێکی نوێوە بە جۆرێک توێژینەوەکە هەوڵدەدات ورد و پوخت،لە ڕەهەندی پڕاگماتیکەوە (هاوبەشپێکردن، کاری ڕێکخراوەیی، ئەزموونکردن) وەک ئاڕاستەکەر و(درکپێکردنی کۆزانیاری) لە ئاوەزدا بناسێنێت، لەنوسینی ئەم توێژینەوەدا ڕێبازی (درکپێکراوی شیکراوەیی) پەیڕەوکراوە ،بەشێوەیەک بۆ گەیشتن بە ئەنجامی زانستی و ورد توێژینەوەکە بەسەرسێ بەشی سەرەکییدا دابەشکراوە : بەشی یەکەم بۆ (کۆزانیاری(چەمک و تێڕوانین)) تەرخانکراوە، تیایدا تیۆرییانە باسی چەمکی کۆزانیاری و چەندوچوونەکانی لە ڕوانگەی (بەراییەکانی کۆزانیاری) و (کۆزانیاری لە ڕوانگەی زانستی زمانی درکپێکردن)ەوە کراوە، بەشی دووەمی توێژینەوەکەش بۆ (جۆرەکانی کۆزانیاری) دانراوە،لەو چێوەیەدا کۆزانیاری بەسەر سێ جۆری سەرەکیدا دابەشکراوە، کە بریتین لە: (کۆزانیاریی ئەزموونی) و (کۆزانیاریی کارامەیی) و (کۆزانیاریی بانگەشەیی)،هەرچی بەشی سێیەمیشە تایبەتە بە (بوارەکانی کۆزانیاری )، کە سێ بواری سەرەکی لەخۆدەگرێت،بەجۆرێک تیایدا بوارەکانی (کۆزانیاریی ئاوەزی) و (کۆزانیاریی سۆزداری) و (کۆزانیاریی گیانی) خراونەتە بەرباس و لێکۆڵینەوە، لەکۆتاییشدا گرنگترین ئەنجامە بەدەستهاتووەکان و لیستی سەرچاوەکان خراونەتەڕوو.

## ١) کۆزانیاری (چەمک و تێڕوانین) :

لێکۆڵینەوە و باسکردنی کۆزانیاری بەر لە زمانەوانەکان جێگەی بایەخی فەیلەسوف و ژیریێژەکان بووە،بەوپێیەی مرۆڤ هەر لە سەرەتای دنیا بینی و تێڕامانی، بۆ شتەکانی دەوروبەری وایکردووە پرسیارگەلێک لە هزر و ئاوەزیدا دروستببێت،کە بەشێکی بەهۆی پەیپێبردن و توانای ناوەکی و بایەلۆجی مرۆڤەوەیە و بەشەکەی دیکەشی، بەهۆی سەرنجدان و ئەزموونکردنەوەیەوە، لەسەر ئەم بنەمایەش کۆزانیاری پەیوەندیی پتەوی بە فرەیی بیرکردنەوەکانەوە هەیە،کە پەیکاڵە بە کارلێکی جەستە لەگەڵ کۆی شتەکانی دەوروبەریدا و دەبێتە جۆرێک لە زانین،بەمپێیە دەکرێت بڵێین کۆزانیاری کۆی هەموو زانینەکانی مرۆڤە لەسەر بابەتگەلی جۆراوجۆر،کە بەهۆی درکپێکردن، پەیپێبردن،بیر و هەستەکانەوە بەدەستدێت دەبێتە بنەمایەک بۆ چۆنییەتی پەیوەندیکردن

مجلة جامعة التنمية البشرية
المجلد 8، العدد 4(2022) ؛ عدد الصفحات (10)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v8n4y2022.pp57-66
ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 26 حزيران 2022؛ قُبل في 26 تموز 2022؛ نُشرت في 5 تشرين الأول 2022؛
البريد الإلكتروني للمؤلف : nigarstat@gmail.com, shakhawan.faraj@univsul.edu.iq
حقوق الطبع والنشر ©2022 شاخەوان جەلال حاجی فەرەج، نیگار ستار جەعفەر. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

٢-سیستەمی ئاوەزی، ئەم سیستەمە بە هێواشی کاردەکات، بە هۆی زۆری هەڵبژاردنەکانەوە سەرنج تەرخاندەکات، بۆ چالاکییە هزرییە ئاڵۆزەکان و زانیاری ئاوەزی پرۆسە دەکات و دەیگۆڕێت بۆ ناو کۆزانیاریی ئاوەزی، کە (چەمک، بیرۆکە، بیردۆز، مۆدێلی ئاوەزی) دروستدەکات، ئەم دوو سیستەمە بیرکردنەوەیە بە بەردەوامی و بەشێوەیەکی داینامیکی کارلێکدەکەن و بەردەوام لە گۆڕاندان، بەجۆرێک کۆزانیاریی ئاوەزی گوزارشت، لە چەمک و بیرۆکەکان دەکات و لە زمانێکی سروشتی یان هێمایدا داڕێژراوە، کۆزانیاریی سۆزداریش فۆرمێکی بێ وشەیە بە هەست و سۆز دروستدەبێت، هەروەها کۆزانیاریی گیانیش، کە لە بیردۆزی (ئۆناکا)دا تێکەڵ بە کۆزانیاریی سۆزداری دەبینرێت، گوزارشت لە بەها کلتوری و بنەما ئەخلاقییەکان دەکات،وەک سیستەمێک لە هەڵسوکەوتی مرۆڤدا پەرەیسەندووە، لە هەر پرۆسەیەکی بڕیارداندا بەشدارە و دەکەوێتە ئەودیو کۆزانیاریی ئاوەزی و سۆزداری مرۆڤەوە، بەمجۆرە دەتوانین بڵێین (ئەزموون و شارەزایی بەرپرسە لەو گۆڕانکارییەی، لە نێوان کۆزانیاریی سۆزداری و ئاوەزییدا ڕوودەدات، لە کاتێکدا گۆڕانەکانی نێوان کۆزانیاریی سۆزداری و گیانی بە کلتور بەڕێوە دەبرێن، هەروەها گۆڕانەکان لە نێوان کۆزانیاریی ئاوەزی و گیانی بە دانایی بەڕێوە دەبرێن، ئەم گۆڕانانە تێڕوانینێکی گشتگیرمان، بۆ کۆزانیاریی کلتوری دەستەبەردەکەن).(Bratianu,Bejinaru,2019,8)، لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی چۆن وزە توانای گۆڕینی، لە فۆرمێکەوە بۆ فۆرمێکی تر لە هەندێک مەرجی دیاریکراودا هەیە، بە لەبەر چاوگرتنی ئەم خەسڵەتە و ڕەنگدانەوەی لە کۆزانیارییدا ئەوە دەردەکەوێت یەک شێوە لە کۆزانین دەتوانێت بۆ فۆرمێکی تر لە مەرجە دیاریکراوەکاندا بگۆڕدرێت، بۆ نمونە هەستی ترس وامان لێدەکات بیر لە خۆپاراستن بکەینەوە، یان لە ڕارودۆخێکی مەترسیدار دوور بکەوینەوە، لەم بارەدا کۆزانیاریی سۆزداری بۆ کۆزانیاریی ئاوەزی دەگۆڕێت، کەواتە جۆرێک لە کۆزانیاری توانای بەرهەمهێنانی جۆری دیکەی کۆزانیاری بەشێوەی داینامیکی هەیە، بەمشێوەیە ئەم گۆڕینانە نوێنەرایەتی ناوەرۆکی داینامیکی کۆزانیاری دەکەن، لەمروانگەیەوە ئەوە دەردەکەوێت، کە کۆزانیاری ڕەچاوی هەردوو جۆرە بیرکردنەوەکە دەکات، لەسەر ئەم بنەمایەش کۆزانیاریی ڕێکخراوەیی، لە لایەن هەرسێ بوارەکەی کۆزانیارییەوە نوێنەرایەتی دەکرێت،کە لە بنەڕەتدا گۆڕینی جۆرێکی کۆزانیارییە، بە شێوەیەکی داینامیکی بۆ جۆرێکیتری کۆزانیاری، بۆ ئەمەش مۆدێلی داینامیکی بوارەکانی کۆزانیاری بەمشێوەیە دەخەینەڕوو، بڕوانە: (سەرچاوەی پێشوو).




**هێلکاری ژمارە(٣)**
**(مۆدێلی داینامیکی بوارەکانی کۆزانیاری)**

بەمپێیە لەسەر بنەمای یەکبوونی ئاوەز و جەستە داهێنانەکانی مرۆڤ پێویستییان، بە تێکەڵکردنی ئەزموونە جەستەییەکان لەگەڵ کارکردنە ئاوەزییەکان لە مێشکدا هەیە، لەمڕووەشەوە لە ئەنجامی داینامیکییەتی هەردوو سیستەمی (ئاوەزی،سۆزداری)، لە مێشکماندا کۆزانیاریی سۆزداری و گیانی،بۆ کۆزانیاریی ئاوەزی و ئاشکرا دەگۆڕدرێن و کۆزانیاریی یەکگرتوو بەرهەمدەهێنن، کە دەستپێداگەیشتنی ڕاستەوخۆی دەبێت و دەبێتە ئامرازێک بۆ بڕیاردان ئەمەش ئەو بنەمایەیە، کە زانستی زمانی درکپێکردن کاری لەسەر دەکات.

## ئەنجامەکان

ئەنجامە درکپێکراوە شیکراوەکانی توێژینەوەکە بریتیین لە:

١-کۆزانیاریی زمانی لە ئەزموونکردن و شارەزایی بەکارهێنانی زمان، لە دەوروبەرە جیاوازەکاندا هەڵگوێزراوە،بەمەش واتای بەکارهێنان(پراگماتیک/نازمانی) دەبێتە بنەمای واتای(زمانی/سیمانتیک)، لەمروانگەیەشەوەیە زانستی زمانی درکپێکردن واتای (زمانی و نازمانی) لەیەک جیاناکاتەوە، هەربۆیە چ لە داڕشتن و تێگەیشتنی چەمکدا وەک یەکەیەکی دانەبڕاو سەیردەکرێن.

٢-نمونە بەکارهێنراوەکانی توێژینەوەکە ئەوە دەردەخەن،کە ئاوەزی مرۆڤی کورد ڕاستەوخۆ پەیوەستە بەشارەزایی و ئەزموونی کۆکراوەی هەستەوەرییانەوە، کە لە ڕێی زمانەوە پرۆسەکراوە و بەرێگەی بەچەمککردن لە ئاوەزدا بەکۆدکراوە.

٣-هەرسێ بوارەکەی کۆزانیاری(ئاوەزی،سۆزداری،گیانی)سروشتێکی داینامیکییان هەیە،کە بەپێی دەوروبەری بەکارهێنانی جیاواز،لە بوارێکەوە بۆ بوارێکیتر دەگۆڕدرێن

٤-هەرسێ جۆرەکەی کۆزانیاری (ئەزموونی، کارامەیی، بانگەشەیی) ئەوە دەردەخەن، کە شارەزایی مرۆڤ لەسەر بنەمای ئەزموونکردن بەدەستدێت و دەبێتە جۆرێک، لە زیرەکی و توانا لە مرۆڤدا،کە لە پراکتیک و جێبەجێکردن دا دەردەکەوێت.

